## لەیەك نزیکبوونەوەی چەمکی سیاسەتی دەرەوە و چەمکەکانی تر

چەمکی سیاسەتی دەرەوە لەیەك نزیکبوونەوەیەکی هەیە لەگەڵ چەمکەکانی تر و تا رادەیەك تەواوکاری یەکترن، لە دیارترین ئەم چەمکانەش ئەمانەی خوارەوەن:

### 1- سیاسەتی دەرەکی و سیاسەتی نێودەوڵەتی

سیاسەتی دەرەکی رەگەزێکە لە رەگەزەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی بەو پێیەی کە نمونەیەکە لە نمونەکانی رەفتاری نێودەوڵەتی، کەواتە سیاسەتی نێودەوڵەتی پوختەو کۆ کراوەی ئەو کارلێکانەیە کە لە نێوان سیاسەتی دەرەکی کۆمەڵێك دەوڵەتی جیاوازدا ڕوو دەدات.

سیاسەتی نێودەوڵەتی بریتیە لە کۆمەڵێك کارلێکی سیاسی دەوڵەتان کە لە نێوان لایەنە نێو دەوڵەتیەکان ڕوو دەدات و سنورەکان تێدەپەڕێنێت، هەروەها سروشت و ناوەڕۆکی ئەو کارلێکانە بەستراوەتەوە بە ئامانجە بالآکانی دەوڵەتان، وە هەموویان پێکەوە وەك بەشێك لە پەیوەندی نێودەوڵەتی دادەنرێن. پاشان سیاسەتی دەرەکی وێنای کرۆکی هەموو رەفتارە نێودەوڵەتیەکانی یەکە نێودەوڵەتیەکان دەکات، ئەم سیاسەتە دەرەکیەش بە گشتی پەیوەندیدارە بە دانانی پلان و بەرنامە ڕێژیەوە وەك بەشێك لە پەیوەندی دەوڵەتان، لە ژینگەی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا. بە شێوازی کردار یان پەرچە کردار دەربڕین لەسەر رەفتاری لایەنەکانی نێودەوڵەتی ترەوە. لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە پەیوەندییەکی پتەو هەیە لە نێوان هەردوو سیاسەتدا.

### 2- سیاسەتی دەرەکی و پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان:

بەکارهێنانی هەردوو چەمکی سیاسەتی دەرەکی و پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان وەك دوو چەمکی هاوتای یەکتر بۆتە شتێکی باو، بەلأم کۆمەڵێك لە توێژەران جیاوازی لە نێوان ئەم

دوو چــەمکە دەکەن، بەو پێیەی کە ســیاســەتی دەرەکی بەر تەســکترە لە پەیوەندییە نێو دەوڵەتیەکان، چـــونکە پەیوەندییە نێو دەوڵەتیەکان لێکۆڵینەوە لەو بوارە جیا جیایانە دەکات کە کاریگەریان هەیە لەسەر دروستکەرانی سیاسەتی دەرەوەدا، هاوکات هەڵدەستێت بە شیکردنەوەی فاکتەرەکانی ژینگە و کەسایەتی.

پەیوەندی نێو دەوڵەتی بریتیە لە لقێك لەو بابەتانەی کە لە پەیوەندی نێودەوڵەتاندا بەدی دەکرێت، بە تایبەت لە ڕووی گەشـــەســـەندنی مێژوویی یاخود لە ڕووی فاکتەرە کاریگەریەکانی تیایدا، بەڵام ســـیاســـەتی دەرەوە بریتیە لەو بەرنامەیەی کە دەوڵەتێك دەیگرێتە بەر لە کاروباری دەرەکی خۆیدا.

## 3- سیاسەتی دەرەکی و دیبلۆماسیەت:

دیبلۆماســـیەت بریتیە لە دارشـــتن و جێبەجێکردنی ســـیاســـەتی دەرەکی، لەم رووەوە لەیەکدەچـن، چـونکە ئامانجی هەردووکیان بریتیە لە پاراسـتنی بەرژەندییە نەتەوەیی و نیشـتمانییەکانی دەوڵەت، لەگەڵ ئەمشـدا جیاوازیەك هەیە لە نێوانیان، چـونکە سـیاسـەتی دەرەوە بریتیە لە چــۆنیەتی بەڕێوەبردنی چــالاکیەکانی دەوڵەت لەگەڵ دەوڵەتەکانی تر، یاخود میتۆدێکە دەوڵەت دەیگرێتە بەر لە پەیوەندی نێوانی لەگەڵ دەوڵەتەکانی تردا لە بواری ســیاســی و بازرگانی و ئابووری. بەڵام دیبلۆماســیەت ئامرازێکە بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەکی.